# پایناز

## حەمەفەریق حەسەن

ئاگادارییەکی پێویست:
ئەمەی لای خوارەوە، پێشەکیی ئەو کۆمەڵە چیرۆکەیە، کە بەم زووانە لە دەزگەی ئاراسەوە بڵاودەبێتەوە و ناوی (شەوەکەی عەریف زبالە) ی هەڵگرتووە.. ئەم پێشەکییەش (پایناز)، شێوازە نووسینێکی نوێی تایبەت بە خۆمە.. تۆ ئەی هاوڕێی خوێنەرم، ئەگەر شاعیری یان چیرۆکنووس یاخود ڕۆماننووس یانژی ئەدەب دۆست؛ تکایەکی برایانەم لێت هەیە:[ تۆ تووتی نیت، هەرگیز هەوڵ مەدە لاساییم بکەیتەوە. با دەنگ و ڕەنگی خۆت هەبێ.] خۆ ئەگەر هەر دەخوازی سوود لە وێنەی شیعری و کارە ئەدەبییەکانی من ببینی، ئەوا گەرەکە ئاماژەی پێبدەی. جێی باسە لێرە و لەوێ چاوم بە چیرۆکەکانی خۆم دەکەوێ بە کەمێ دەستکارییەوە و بە ناوی کۆلکە نووسەرەوە بڵاودەبنەوە یان بە ناوی کۆلکە هونەرمەندێکەوە بۆ کاری سینەما و تیڤی ئامادەکراون. وێنە شیعرییەکانی نێو چیرۆکەکانم لە شیعری فاڵان و فیسار شاعیردا بە کەمێ دەستکارییەوە دەدۆزمەوە.. بێ ئەوەی هێچ لایەکیان پرسیان پێ کردبم یاخود ئاماژەیان بە بەرهەمەکانم دابێ..!! من زرپ و زیندووم، کەچی هەیە بێ ئەوەی پرسە گورگانەیەکیشم پێبکات چیرۆکی بە دراما کردووم و لە تیڤییەوە پیشان دەدرێ. ئەم ئاکارانە جۆرێکن لە چەتەگەریی و سزای یاسایی خۆیان هەیە. با ئەو کەسانە ئاگاداربن، کە ئاگادارم..!! کەسیش لەسەرو یاساوە نابینم.. ئێستاش فەرموون ئێوە و پێشەکیی کۆچیرۆکی شەوەکەی عەریف زبالە.. کاتێکی خۆش.

لەم باکوورە ڕچیوەدا، چەردەیەک لەمن، چەردەیەک گەرمی، نەختێ سۆز و بیرەوەریی، نەختاڵێک دەنگ و ڕەنگ ماومەتەوە.. تەنیایی ئامۆزا و خاڵۆزا و کچی پووریشمە. تاوێ لەسەرم بوەستە تا بیری شپرزەم کۆکەمەوە.. دڵەی تۆراوم ئاشت کەمەوە.. پرچی شیواوم شانەکەم.. پشووی سوارم کەمێ ئارام بێ و ئاهێکم تێگەڕێ، بینایی چاوان..

لێرە، لە وەڵامی لێتۆژەوە سوورفلەکەدا، بە نەفسی تۆراو و قژی ئاڵۆسکاوەوە وتم: (( بەڕێز من بۆیە وڵاتەکەمم جێهێشت، چونکە لەوێ، کەسێ لە تەمەنی خۆیدا نامرێ.. کەسێ وەک تەمەنی خۆی دەرناکەوێ.. هیچ کەسێکیش لە شوێنی شیاوی خۆیدا نییە. پرواتا بێ میستەر، جارێک بەقاقا پێنەکەنیوم.. لەوێ درەخت پیردەبێ، لەبنا دەپردرێتەوە، دەبێتە نیرگەی دیوەخان؛ کەچی هێشتا هێلانەی باڵندەیەک بە سێپەلەی لقێکیوە نابینێ؛ تا بیرەوەرییەکی شیرینی لەگەڵدا هەبێ و لە شەونشینییەکدا، بە شانازییەوە بۆ مەجلیسی دیوەخانی بگێڕێتەوە..

پێموت من خەڵکی وڵاتێکی لە ئاڵاو بیرەوەریی داماڵراوم. لەوێ سفر سەرگەورەی هەموو ژمارەکانە. لە خوێندندا سفر، لە پەروەردەدا سفر، لە ئابووریدا سفر، لە کۆمەڵایەتیدا هەر سفر، سفر سفر سفر.. لەوێ کۆپتەر پتر بە سەرماندا دەفڕی تا کۆتر.. لەوێ سوورەگوڵ، بەو ئاواتەی دیاریی دەستی دڵدارێ بێ بۆ دولبەرێ؛ پەڕپەڕ دەبێ، ئەستۆی دەشکێ و بەکامی دڵ ناگا.. لەوێ بەپێی ڕەنگی بەرگەکانیان (بەدلە) لێیان دەترسام، کە هەمیشە ڕەنگی خاکی بە بازاڕو شەقام و تاقی ئاسمانیشەوە زاڵە.. تێرو کاڵ و کاڵتر و پەڵەپەڵە و بەنەخشەی نیشتمانی عارەب تەنراو و زەیتوونی.. تەواو خەجاڵەتم میستەر، لە شەرما سەرم هەڵنایە.. ئاخر لەوێ ئەوەی سەری هەڵێنایە بۆیان دەیانپەڕاند. بۆیە منیش سەرم دەڵێی ئاڵایەکی بۆ کۆستی گەورەی نیشتمان هەتا نیوە داگیراوە.. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ جاران هەستی ورووژاوی جەنگاوەرێکی بەزیوی لەجەنگەی جەنگێکی ڕەوادا هەڵاتوو لە ناخم دەئاڵێ و گۆڕەوشاری ڕۆحم دەدا، میستەر. دەنا هیچ بارانێ، بۆنمی خاکی وڵاتی منی لێنایە..))

دەستەکانی جارانم بدەوە، لە دەرگانەی بەزەیی خۆتی پێدەدەم.. دەڵێم بەردێکیش بگرمە ئەو هەورە چڵکنانە، بەڵکو یەخەی مانگ بەردەن و بەتەنێ شەونخوونی نەکێشم.. چاوە هەنگوینییە

دووربینەکانی جارانم بدەوە، سەیری نیگاری خۆتی پێدەکەم.. گوێ سووکەکانی جارانم بدەوە تا چرپەی عاشقانی شەوی پێ ببیستم ، بینایی چاوان..!
دەڵێن دارەدارەمە و حینجەی ڕۆیشتن دەکەم. ئەم سرێشە خاکە، لاقەکانمی توند بەخۆیەوە چەسپ کردووە. ئێرە تاراوگەیەکی سرێشییە. ئەوەتا هەنگاوم هیند قورسە، دەڵێی چیایەک قورقوشم لە لاقم بەستراوە. هێشتا زیندووم و قەلەڕەشەکانی ونبوون بە دیارمەوە لە ڕیزدا هەڵنیشتوون و بەنیازن چاوم بکۆڵن، بینایی چاوان..!
سەردەمێ، بەڕووی زوڵما حەرفێکی جەوهەرداری بەبریسکە و هەڵکێشراو بووم و خۆم لە کالاندا پێ ڕانەدەگیرا. وشەیەکی لەسەرپێ بووم و زامن نەدەکرام.. ئەو زەمانەی گاشەبەرد بە بەردیی خۆی لە ترسانا لە هیچ کونێکدا خۆی نەدەگرت، بەدەم لێوەلەرە و بەهەناسەی سوارەوە لە ڕووباری دامێندا، خۆی بەقووتا دەکرد و بەحاڵ سەری لووتی بەدەرەوە بوو، من چنگ لەسەرشان و هەڵەداوان ڕامنەکرد. جورئەتەکەی جارانم دەوێتەوە، بینایی چاوان..! ئەو زەمانەی، دەوڵەتی بەزیندان و قوفڵ و قەفەز چەکدار، بە مەڕسوومێ فڕینی قەدەغەکرد و هەرساتێ بیویستایە شەقامی بە سورگی دادەخست و هەوری بۆ فەرشی بەرپێی فڕۆکەکانی ڕادەخست و ڕووبارەکانی ئەڵقەڕێز دەدا، من ئەودەمەش هەر گۆرانیم بۆ خۆر و خورێن دەچڕی و پەڕوباڵم هەرڵنەوەڕین، بینایی چاوان..!
هەندێ جاران هەست دەکەم تەمەنم هێندەی زەمەنی سووتانی تەڵە شقارتەیەکی بەبەرەوە ماوە. لە دەفتەرە یادی هیچ کەسێک و لە ئەلبوومی هیچ ئاشنایەکدا نەماوم، تۆ نەبێ ئەی مەرگ.. سوپاس، تۆ لە هەموویان بە وەفاتربووی ئەی مەرگ.! هیچ نەبێ تۆ خەونم پێوە دەبینی. لە ڕیزی چاوەڕوانیدا ناو و ناونیشانت تۆمارت کردووم و جاروبارە سەرم دەدەی.!
ئەو شەوەش ،کاتێ بروسکەیەک لە تاقی ئاسمانی حەوتەمەوە دەیویست پەڵە هەورێ وەرگێڕێتە سەر زمانی باران، من بەقارەمانانی چیرۆکێکەوە سەرقاڵ بووم. لە شریخەی قامچییە سێگۆکەی ڕاپیەڕیم. ئەندێشەم وەلانا و قەڵەمم دانا و پەردەم لادا.. لەبەر ڕۆشنایی چرا زەردە هەڵلەرزیوەکانی شەقام، دیم وا ملوێنەها ڕایەڵی باران، وەک (تان)ی تەونێکی خواوەندانە؛ زەوییان بە بنمیچی ئاسمانەوە گرێداوە.. ئۆتومبیلێکی درەنگانی شەو گوللە ئاسا ڤزی. ئەلکوولییەکی تەڕو لاواز و کۆماوەی ڕیشهاتوو، دەستی لە گەردنی بوتڵێکدایە و بەلەرزە لەرز و لارە لار دەیەوێ لە شەقام بپەڕێتەوە.
لەو ساتەدا دیتم مەرگ، دەعبایەکی دەعەجانیی گڤنەسەربوو، بەسەرو فەساڵێکی کوڵکن و چڵکن و جووتێ شاخی گرێ گرێ و بەچاوی سوورەوە، فەزای نێوانمانی ڕاخستووە. مۆن مۆن لەودیو پەنجەرەی خڕ داخراوی ژوورەکەمەوە خێسەم لێدەکا و بە بێدەنگییەکی نهێنگرانەی قەستی سەر؛ تێمبەربووە.! ئەوە ماوەیەکە جارو بار شەوانە دێتە سەردانم.. دەست لە گەردنم وەردێنی، وادەزانێ نازانم درۆم لەگەڵ دەکا؛ کاتێ دەڵێ: (هەیبەت)ی دایکت لە گردی سەیوانەوە دوعا و سەلامی پێدا ناردووم و بیرت دەکا! دوا جار ژیوان دەبێتەوە.. بە گومانەوە دەستبەردارم دەبێ و لەگەڵ خۆیدا ناما. دەشێ مەرگیش لە ناخەوە بەزەیی پێمابێ و لەبەرخۆیەوە بڵێی: (( وا ئەمجارەش دەیبەخشم، ڕەنگە هێشتا کورتە چیرۆکێ دووانی پێمابێ!))
ئەو شەوە دەمویست زەرییەک بکەمە پاڵەوانی چیرۆکێ، ئەمما چۆن زەرییەک؟.. زەرییەک، دڵۆپی باران لە نێوان تاڵەکانی پرچیدا نوستبێ.. گوڵهەنارێ لەسەر لێوی شکۆفەی دابێ. تازە برژانگەکانی لە سوجدە هەڵسابنەوە. ئارەزوو لە نێوان مەمکۆڵە تورتەکانیوە سەرەتاتکێی بێ. وەلێ هیچ دەستێ بە باڵایدا هەڵنەگژابێ و سەری هیچ پەنجەیەکیش بەگۆپکەی مەمکی نەگەیشتبێ.. مەرگ زانی مینا پرچی شانەکراوی شۆخێ، بەکارەبای چیرۆکێ بارگاویم؛ قرچە قرچ و بریسک و هوورمە..! کاروانی وشە، شارە مێروولەن و بەڕێزەوە لە ڕیزدا سەرەیان بۆ پێنووسەکەم گرتووە، ئەو جارەش بەخشیمی. لەوانەیشە مەرگ بەپاژ (قیست) بۆ خۆیم بباتەوە. جارێ چاو و جارێ گوێ و جارێ هەنگاوەکانم لەگەڵ خۆیدا ببا. وەلێ ئەگەر مەرگ ئەوەندە مەرد بووایە، دوا جار بۆ هزر و بۆ پەنجەکانم بهاتایە، ئەوا هەرگیز لە چاکەی دەرنەدەچووم، بینایی چاوان..!
دەنگت بە هەموو کەلێنێکی ئەم گەردوونە فراوانەدا دەگات، بینایی چاوان.. بەباڵندەکانی خەلقندەی خۆت بڵێ با لێم تەوەللا نەبن، کە دەمبینن بەیەکێکیان ئاشناترم و دەست بەشاپەڕەکانیدا دەهێنم. تکایە لە زمانی منەوە بەگوڵزاریش ڕاگەیێنە لێم زیزنەبن ،کەمن یەکێکیانم لا پەسەندە و زیاتر دەیدەم لە یەخە. بەشکوم هەر خۆت لە ڕەنگەکانیش بگێڕیتەوە لێم نەڕەنجێن، کاتێ لە نێو ڕەنگجاڕی

گەردوونا یەکێکیانم لا پەسەندە. بەڵام چی بستە خاک و نیشتمانی ئەم گەردوونە بێسنوورە هەیە، هەروەسا چی ئاڵای شەکاوەی بان تەلارەکانی دنیاش هەیە، ئاگاداریان بکەرەوە با سوور بزانن: ئەگەر سەرپاکیان لێم ڕەنجاون هەر ئەو خاکەم لە هەموویان خۆشتر دەوێ، کە لەسەری لە دایک بووم.. هەر ئەو ئاڵایەش ماچدەکەم، کە پێشەوا هەڵیدا، بینایی چاوان..!
فێبروەری 2005